# ساڵیادی کارەساتە دڵتەزێنەکەی هەڵەبجەو

# پەندو وانەکانی بۆ مێژوو

مەجید دڵنیا

ئەم چەند رۆژە کورد یادی جەرگبڕترین کارەسات لە دیرۆکی خۆیدا دەکاتەوە.ئەو کارەساتەی لەلایەن شۆفێنیترین ڕژێمی عەرەبیەوە دژ بە نەوەکانی سەلاحەدین ئەنجامدرا.کارەساتی کیمیا باران لە کوردستاندا جگە لە هەڵەبجە  دەیان شوێنیتری کوردستان بەر هێرشی ژەهر باران کەوتن،دۆڵی جافایەتی ،سێوسێنان،گۆپتەقەو عەسکەر،قەرەداغ و بادینان وچەندان شوێنیتر ،قوربانی زۆری لێکەوتەوە ،بەڵام زۆرینەی قوربانیەکان لەهەڵەبجەدا بەرجەستەبوو بۆیە ئێستا هەڵەبجەو دواتریش ئەنفال بوونە سیمبولی جینۆسایدی کورد.بۆیە زۆر ڕەوایە هەرکەسێك ئاماژە بە کارەساتی هەڵەبجە دەدات پێویستە ئاماژە بەو شوێنانەیتریش بدات بەتایبەت بابەتێك بەدەر لەزمانی کوردی بنوسرێت چونکە زۆر خەڵك وادەزانن چەکی کیمیایی تەنیا لە هەڵەبجە بەکارهێنراوە.جیاوازی کارەساتی کیمیا باران لە کوردستاندا لەوەدایە کە ئەوە  بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا ڕژێمێك چەکی قەدەغەکراو دژی هاووڵاتیانی خۆی بەکاربهێنێت،ئەوە هێمای ئەوپەڕی دڵڕەقی دوژمنەکانی کورد دەردەخات.ئەم کارە ساتە بەداخەوە تا ساتەوەختی ئێستا لەڕیکلامێکی سیاسی و حیزبی تێپەڕی نەکردووە.

ئەم کارەساتە کارەساتی میللەتێکی خەمساردو بێخاوەنە بۆیە کورد تائێستا نەیتوانیوە وەك پێویست ئەم موعاناتە  بناسێنێت، ئەمەیە وای کرددووە کورد وەك میللەتێکی خەمسارد بەرامبەر بەکێشەکانی بدرێتە قەڵەم وزۆر جاریش جگە لە بازرگانیکردن شتێکیتر نەبووە.

بەلای منەوە  پرسیاری هەرە گرینگ ئەوەیە کە چی بکەین بۆ ئەوەی جارێکیتر  هەڵەبجەو ئەنفالێکیتر دووبارە نەبنەوە.لەم نێوەندەدا زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە (ئەو ڕۆژە ڕۆیی کورد جارێکیترکیمیاباران بکرێت یا ئەنفال بکرێتەوە)ئایا کورد چ گرەنتیەکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە وا لیپرسراوانی حیزبی بانگەشەی لەو جۆرە دەکەن،ئایا کێ گرەنتی ئەوە دەدات دوای چەند دەیەیتر جارێکیتر بەرژەوەندی تایبەتی زلهێزەکانی دونیا یەکانگیر نابێت وکێشەی ڕەوای کورد جارێکیتر نابێتە ژێر لێوەوە؟ئەم قۆناغەی ئێستای کوردستانی باشوورو عێراق دووبارەبوونەوەی هەمان ڕەوتی مێژوە بەڵام بەکەمێك جیاوازیەوە.ئەو ڕۆژەی ئەم بەشەی کوردستان بە عێراقی عەرەبیەوە لکێنرا بی٘ویستی ئیرادەی خەڵکەکەی سەرەنجام بەرژەوەندی دەوڵەتە داگیرکەرو زلهێزەکانی دونیا وای کرد بۆ مرۆڤی کورد لەم بەشەدا بەخوێناویترین کارەسات کۆتایی هات.هەقە لەسەر کردایەتی کوردو ئەو لێپرسراوانە بپرسین  بەڕێزینە ئێوە چ

گرەنتیەکتان پێیە کە دوای 50 ساڵیتر هەمان کارەسات لەلایەن نەتەوەسەردەستەکان ونەوەکانی سەدام ونموونەکانیەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو دووبارە نابنەوە.
کورد کە ئێستا هەموو قورسایی خۆی خستۆتە سەر نووسینەوەی دەستوور،کاتی خۆی زۆر بەڵێنیان بە کورددا بەلاّم دوای نزیك بە 70 ساڵ کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالی لێکەوتەوە.ڕەنگە یەکێك لەدەرئەنجامە سەرەکیەکانی ئەو کارەساتە جگە لەبەرژەوەندی زلهێزەکان کە هیچ بەهایەکی ئەخلاقی نایگرێتەوە کێماسیەکە لەوەدا بووبێت کە کورد هێندەی پەنای بۆ بەگژداچوونەوە وياخيبوون و شۆڕشی چەکداری بردووە کەمتر بەلای کاری سیاسیدا چووە.شاراوە نییە لە پارچە پارچە کردنی کوردستاندا گوناهی گەورە بەر داگیر کەری ئینگلیز دەکەوێت،تاکی کورد دەبێت هیچ کات ئەو قسەیەی مسز بێلی لەیاد نەچێت کە وتوویەتی (هەمیشە دەبێت چەند کوردستانێك هەبێت) لەساتەوەختی ئەم یادەتاڵەدا دوو فاکتەری سەرەکی کات و شوێن وەك خۆی ئامادەن،شوێن کوردستانی باشوورو عێراق و دووبارە بونیاد نانەوەی ئەو دەوڵەتەیە پێی دەڵێن عێراق.ئالەم کاتەدا سەرانی ئەو ڕژێمەی ئەو تاوانەیان ئەنجامدا لەسەرو بەندی دادگاییکردندان.ئەوەی مایەی سەرنج دانە ماوەیەکە قسەی زۆر لەسەر ئەوە دەکرێت کە دادگاییکردنی تاوانباری یەکەمی ئەو کارەساتە کە عەلی حەسەن مەجیدە داوا دەکرێ ببرێتە هەڵەبجە دادگایی بکرێت.من لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ تەواوی قوربانیەکان وکەسو کارەکانیان هێندەی ئەم کارە لەپەیوەند بەسۆزداریەوە دەبینم هێندە بەکارێکی لۆژیکانەی نابینم .زۆر جار ئەو لێدوانانە بۆ سەرنج ڕاکێشان و بەرژەوەندی تاك حیزبی قۆزتراوەتەوە.نزیکترین نموونە لێدووانەکانی د.بەرهەم ساڵح بووبە چەند ڕۆژ پێش هەڵبژاردن سەبارەت بەو دادگاییکردنە لەهەڵەبجە دیارە کاریگەری بەرچاوی لای خەڵکی هەڵەبجە درووستکرد بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا.پێم وایە ئەو کارەش وەك چەندان کاریتریش جگە لە ڕیکلامێکی سیاسی چیتر نەبووەو نییە.ئەوەی هەڵەبجە ببینێ پاش 14ساڵ دەرچوونی لە چنگی بەعس ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت،کە ئەوەی بۆ هەڵەبجە کراوە وەك پێویست نییە لەچاو قوربانیەکانیدا و ئاسوودەییەکی کەمیش بەڕوحی ئەوان نابەخشێ بەداخەوە کورد هەمیشە بەسۆز دوای کارەساتەکان کەوتووین .بەبڕوای من گرینگ ئەوەیە کەسێکی تاوانباری وەك عەلی حەسەن دادگایی بکرێت ئیتر لە کوێ ئەوە گرینگ نییە پێویستیشە لە دادگایەکی جەماوەریو ئاشکرادا دادگاییەکەی بەڕێوە بچێت،بەلاّم لەهەمووی گرینگتر ئەوەیە کورد دەبێت کارێك بکات تاجارێکیتر هەڵبجەو ئەنفال دووبارە نەبنەوە.ئەوە ڕاستە گەر عەلی حەسەن وەك تاوانبار لەهەڵەبجە دادگایی بکرێت لەڕووی مەعنەوییەوەبۆ کورد بەگشتی وکەسوکاری قوربانیەکان بەتایبەتی گرینگە، بەلاّم دادگایی کردنەکە لەهەر جێیەك بێت پۆت شکاندنی شۆفێنیزمە لە ناوچەکەداو بەتایبەتیش زەبرێکی کوشندەیە بۆ شۆفێنیزمی عەرەب.بەلاّم هەموو ئەمانە لەچوارچیوەی سۆزبەندی تێپەڕ ناکەن بەقەد ئەوەی لەڕووی نێو دەوڵەتیەوە کارێك بکرێت ،گرەنتی دووبارە نەبوونەوەی

ئەوکارەساتە بکرێت.نەك هەر ئەوە نەکراوەو هیچ گرەنتیەکیش نییە تەنانەت سەرکردایەتی کورد هێندەی هەوڵی تۆکمە کردنی پایەکانی خۆیەتی ،هێندە خەمی ئێشو ئازارەکانی خەڵکی کرودستانی نیە بۆیە تائێستا مەبەستیان نەبووە ولەبە خۆیان نەپەرژاوون کێشەی هەڵبجەو ئەنفال وەك پێویست بگەیەننە دوینای دەرەوە.

کوەیتیەکان خاوەنی 600کەسی بێسەرو شوێنن بەهەوڵ و دڵسۆزی حکومەتەکەیان توانیان بەم دواییانە بۆهەر کەسێك قەرەبوو دابین بکەن.کەسو کاری قوربانیانی کیمیاباران وئەنفال تا ئەم ساتەوەختە کێ قەرەبووی کراوەتەوە؟ئەگەر قەرارە دەسەڵاتو حکومەت پلرێزەری مافەکانی ئەوان ببێت ئەم حکومەتەی ئێستای کوردستان بۆ ئەوان چ مانایەك هەڵدەگرێت؟لە ڕۆژانی گەرمەی ئابلۆقەی ئابووریدا لێپرسراوان شاهانە دەژیان وشەوانە لەبەزم و ڕەزمی خۆیان نەدەکەوتن ،کەسوکاری پاشماوەکانی ئەو کارەساتانە هەمووشتێکیان فرۆشت بۆ ژەمێك نان،زۆرن ئەوانەی تەنانەت پاکیزەیی خۆیان لەدەستدا بۆ بەڕێکردنی ژەمێك. کەچی لەو عێراقی نوێ و هیواو ئاشتیەدا کە سەرانی کورد هەمیشە خەونی پێوە دەبینن تازە خەڵکانێك بەگومانەوە لە ئەنجامدەرانی ئەو کارەساتە دەڕوانن لێدوانەکەی مالك دۆهان شتێکی حاشا هەڵنەگرە وخەڵکانیتری وەك ئەو زۆرن لەو عێراقە نوێیەدا.لە پەیوەند بەم بابەتە فرانس ڤان ئەنرات یەکێکیترە لەو تاوانبارانەی کە ئێستا لەسەرو بەندی دادگایی کردندایە لە هۆڵەندا .ئەرکی سەر شانی هەر کوردێك و کەسو کاری قوربانیانی کیمیا بارانی کوردستان وبەتایبەت هەڵەبجەیە ئێستا لەهەر کاتێکیتر پێویستترە هەوڵبدەن دۆکۆمێنت و ئەوانەی تائێستا کاریگەری ئەو چەکەیان لەسەر ماوەو گەواهیدەرەکان ئامادە بکەن بەدەنگ ڕێکخراوێکی وەکو ناوەندی (چاك) دوە بچن بۆ ڕیسواکردن ودادگایی کردنی تاوانباران.

دەبێ لەم یادەدا ئێوەی کەسو کاری قوربانیانی هەڵبجە و ئەنفال مکوڕتر یەك دەنگ دەسەڵاتدارانی کورد ناچار بکەن بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەو شوێنەکانیتری قوربانی چەکی کیمیایی،خۆپیشاندانی گەورە بەڕێخەن تا هەر خێزانێك قەرەبووی مادی بکرێتەوەو خانو جێگەو ڕێگەی شایستە بەخۆتان بۆ دابین بکرێت چیتر چاوەڕوانی ئەم دەستو ئەو دەست نەبن هێزی لەبن نەهاتووتان بێننە مەیدان چیتر ڕێگە نەدەن بازرگانی بە کێشەو موعاناتەکانتانەوە بکرێت.سڵاو بۆ گیانی قوربانیانی کارەساتی ژەهربارانی هەڵەبجەو شوێنەکانیتری کوردستان.

2005_3_16